وەزیری دەرەوە عێراق داوا لە کەمپانیا پورتوگالییەکان دەکات بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە



ئەمە چوارشەممە، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، داوای لە کەمپانیا پورتوگالییەکان کرد کە بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراق.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی لە داڤۆس، ئەمڕۆ چوارشەممە لەگەڵ پاولۆ رانگل وەزیری دەرەوەی پورتوگال کۆبوونەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆشکراوە: لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و پورتوگال و هەڵگاکانی پەرەپێدانیان کراوە، بە گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی هاریکاری ئابووری.

ئاماژەی بۆشکرد: لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر ئاسەی هاوکاری لەبوارەکانی وزە و وەبەرهێنان کرد،و هەروەها فوئاد حسێن جەختی لە گرنگی فراوانکردنی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات لە کەرتە ئابووریە گرنگەکاندا کردەوە. هاوکات باسیان لە هەڵگاکانی بەرزکردنەوەی هاوکاریە هەشنبیری و پەروەردەییەکان کرد، کە ئەمەش دەبەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاریەکانی نێوان هەردوو وڵات و بەشداری دەکەن لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو گەلدا.

لە درێژی بەیاننامەکەدا هاتووە، هەر لە کەبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی دەخی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا.

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری دەرەوە جەختیکردەوە: لە پێویستی بەهێزکردنی گفتوگۆی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانیکردن لە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، و داوای لە کەمپانیا پورتوگالییەکان کرد کە بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراق، و ئاماژەشی کرد: بۆ بەردەستبوونی ژینگەی وەبەرهێنانێکی هاندەر و ئومێدبەخش.

وەزیری دەرەوە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی ئاراستەی هاوتا پورتوگالییەکەی کرد بۆ سەردانی عێراق، و جەختیکردەوە: لەسەر گرنگی ئەم سەردانە لە پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان و چاودێریکردنی وردی ئەو پێشهاتە ئەرێنییانەی کە لە عێراقدا بەدی دەکرێت.

ناوبراو داوای کردنەوەی باڵیۆزخانەی پورتوگالی لە بەغدا کرد و جەختی لەوە کردەوە: کە ئەم هەنگاوە بەشداریێکی زۆر دەکات بۆ بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارە جیاجیاکاندا.